السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# ئاو كاریگەری لێناكرێت بەهۆی لەشگرانیەوە

لە عبدالله كوری عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: یەكێك لە خێزانەكانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆی شۆرد (غوسڵی كرد) لە تەشتێكی گەورەدا، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆئەوەی دەستنوێژی لێبگرێت یان خۆی پێ بشوات، (خێزانەكەی) پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خودا، من لەشگران بووم؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئاو كاریگەری لێناكرێت بەهۆی لەشگرانیەوە (ئاو تووشی لەشگرانی -جەنابەت- نابێت)».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

یەكێك لە خێزانەكانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- خۆی دەشۆرد بۆئەوەی لەشگرانی لەسەر خۆی لاببات، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هات بۆئەوەی دەستنوێژ بگرێت یان خۆی بشوات لە پاشماوەی ئەو ئاوەی خێزانەكەی بەكاریهێناوە -ڕەزای خوای لێبێت-، خێزانەكەی پێی ووت كە ئەو بە لەشگرانیەوە ئەو ئاوەی بەكارهێناوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێنموێنی كرد بۆئەوەی كە ئاو كاریگەری لێناكرێت بەهۆی لەشگرانیەوە (ئاو تووشی لەشگرانی -جەنابەت- نابێت)، چونكە ئاو پاكە وپاككەرەوەیە.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8360

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee